وەزیری دارایی هەرێم: لەسبەینەوە دەست بە دابەشکردنی موچە دەکرێت

وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان رایگەیاند، سەرجەم بیانوەکانی حکومەتی عێراقیان بڕیوە و لە سبەینەوە بە بەکارهێنانی 618 ملیار دینارەکە دەست بە دابەشکردنی موچە دەکرێت.

ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتی هەرێم و پەرلەمانتارە کوردەکان لە بەغدا ئەوەی لە توانایاندا بێت کردویانە، هەمو بەربەستەکانیان حکومەتی بەغدایان تێپەڕاندوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەر قسەوباسێک لە بارەی کەمی پارەی پێویست بە موچە کراوە دورە لە راستییەوە، چاوەڕوان بن لە سبەینەوە بەو 618 ملیار دینارەی لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە خراوەتە سەر هەژماری دارایی حکومەتی هەرێم دەست بە دابەشکردنی موچە دەکرێت.